عەلی عەلاق: دەستپێشخەریی بانکی ناوەندی بۆ قەرزکردنی خانوبەرە لە ڕێگەی بانکی خانوبەرە و سندوقی نیشتەجێبوونی عێراقییەوە دەستپێکردوە

پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق ڕایگەیاند، پڕۆیستیێکی بنەڕەتی هەیە بۆ هاندان و هەمەچەشنکردنی ئابووری عێراق، دەشڵێت، دەستپێشخەریی بانکی ناوەندی بۆ قەرزکردنی خانوبەرە لە ڕێگەی بانکی خانوبەرە و سندوقی نیشتەجێبوونی عێراقییەوە دەستپێکردوە گەیشتوەتە نزیکەی 11 ترلیۆن دینار.

عەلی عەلاق، پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق بە هاوکاری لایەنی ئاژانسی ئەڵمانی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی (GIZ) ستراتیژیەتی قەرزدانی بانکی نیشتمانی لە عێراق بۆ 2024 – 2029 دەستپێکرد، لەمیانی وتارێکدا ڕایگەیاند، "ستراتیژیەتی قەرزدانی سەرکی کەرتی بانکییە لە سیستەمی دارایی ئەم ڕێگەیانەی وەک ناوەندێکە لە نێوان وەبەرهێنەران و قەرز وەرگرێکاندا و لەو ڕێگەیەوە بەدەستهێنرێت بۆ پشتگیریکردن لە گەشەی ئابووری و پاپشتیکردنی کەرتی بازرگانی و یارمەتیدانی تاکەکان بۆ گەیشتن بە پەداویستی و ئاواتەکانیان".

ئاماژەی بەوەشکرد، پڕۆیستیێکی بنەڕەتی هەیە بۆ هاندان و هەمەچەشنکردنی ئابووری عێراق هەروەها جەختیشی لەوە کردەوە، کە دەستپێشخەریی بانکی ناوەندی عێراق بۆ قەرزکردنی خانوبەرە لە ڕێگەی بانکی خانوبەرە و سندوقی نیشتەجێبوونی عێراقییەوە دەستپێکردوە گەیشتوەتە نزیکەی 11 ترلیۆن

دینار.

پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق پێیوایە، کە پێرێپێدان و جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی قەرزدانی نیشتمانی بۆ ساڵانی 2024 - 2029 پێویستی بە هاوکاری نێوان ژمارێیەکی بەرفراوان لە لایەنە پێیوەندیدارەکانە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراو.